

# شەڕێکی ناپیرۆز، سەرکەوتنێکی دۆڕاو

## وەڵامێك بۆ حەمید ڕەزا جەلایی پوور

فارووق وەکیلی
vakili_58@yahoo.com

لە (ژمارە ٢٥ی حەوتەنامەی "ڕۆژهەڵاتدا" کە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەردەچێ، مێزگردێك لە ژێر نێوی بزووتنەوەی قەومی و دێمۆکراسی خوازی لە ئێران (جنبش قومی و دموکراسی خواهی در ایران) ساز دراوە. جەلایی پوور وەك یەکێك لە بەشدار بووانی ئەم مێزگردە سەر لە نوێ بەرامبەر بە خەڵکی کورد و بزاڤە ڕزگاریخوازانەکەی دەستی داوەتە چەواشەکاری و شتی ناڕاست، کە باس کردن لە چەن خاڵێکیان پێویستە. باس کردن لە پاشماوە و درێژەی شەڕێك کە میراتی بەجێماوی سەفەوییەکان و پەهلەوییەکان بوو بۆ ڕژیمەکەی خومەینی ناشێ شتێکی نوێ بێت، چوونکە تا ئێستاش پاش ٢٦ ساڵ لە ژێر نێوی جیایی خوازی و شتی تردا کوردستان وەك تاقە مەیدانێك بۆ شەڕ لەگەڵ دانیشتوانی ئەم دەڤەرە بایەخی تایبەت بە خۆی هەیە!!! مانگ لەگەڵ مانگ و ساڵ لەگەڵ سال پاساو و بیانووە کۆنەکان لە لایەن بیرمەندانی نەتەوەی تاقانەوە (فارس) بۆ درێژەدان بەم شەڕە ناڕەوایە بەرهەم دێنەوە و ئەبنە گوتاری زاڵ بەرامبەر بەوی دی (نەتەوەی کورد). شەڕێکی هەمە لایەنە بەرامبەر بە خەڵکانی ئەم دەڤەرە (کوردستان) لە لایەن ئەو فەرهەنگەوە کە پێی وابوو دەتوانێ بە سانایی هەمووان گۆج کات، بۆتە پیشەیەکی نەگۆڕ کە کۆماری ئیسلامی بە نوێنەرایەتی ئەم فەرهەنگەوە هەزینەیەکی زۆری بۆ تەرخان کردبوو و بۆشی تەرخان دەکا. هەر چەن هیچ کات نەیتوانی ئەم جوڵانەوەیە بە بن بەست بگەیەنێت یان تەنانەت بە لاڕێشیدا بەرێت و هیچ نەبێ دەستەمۆی بکات. گوتارێك کە دەیان ساڵە بۆتە بنێشتە خۆشەی شوینیزمی حاکم، ئەم جارە و بۆ ماوەیەکە بە شێوەیەکی جیددی لە لایەن کۆنە هەناردەی کۆماری ئیسلامییەوە (حەمید ڕەزا جەلاییپوور) کە پاش شۆڕشە دزراوەکەی خەڵکانی ئێران، لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە پۆستی فەرمانداری مهابادی پێ سپێردرابوو، تاو نەتاوێك وەك یەکێك لەو کەسانەی ڕاستەوخۆ لە کوشت وبڕی خەڵکی کوردا بەشدار بووە دێتە قسە، کە خۆشبەختانە هەر جارە زۆر


جنبش قومی و دمکراسی‌خواهی در ایران

کەس لە هەڵسوڕاوانی سیاسی کورد لێی وەدەنگ دێن. بە تەما نیم و لەم نوسراوەیەشدا ئەستەمە باس لە دەور و ڕۆڵی جەلایی پوور لە سەردەمی حوزووری لە کوردستاندا بکەم. بە دڵنیاییەوە خەڵکی کوردستان زۆر بە باشی ناوبراو دەناسن. ئەوەی لەم بابەتەدا جێگای دەبێتەوە باس کردنە لە هەندێك ڕوانگەی نادروستی جەلایی پوور چ لە بابەت بە قەومی ناوبردنی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و چ لە بابەت مێژووی بزاڤی ڕزگاری خوازی کوردستان و، هەروەها ڕاڤەگەلێك کە مەبەستە سەرەکییەکەی درێژە دانە بە حاکمییەتی شوینیزمی فارسی و ڕەوا بوونییەتی وەك چەمکێکی ڕەها کە تەنیا ئەم چەمکە (فارسیزم) سەرچاوەی هەموو شارەستانیەتە و بەدی هێنەری دێمۆکراسییە و، بەرحەق بوونێك بۆ ئەوانی دی لە ئارادا نییە. بە تراویلکە زانینی فێدرالیزم وەك دروشمی هەنووکەیی بزاڤی ڕزگاریخوازی خەڵکی کوردستان، بەر لە هەموو شتێك نیشاندەری ترسێکە کە کەوتۆتە دڵی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییەوە و جەلایی پوور وەك یەکێك لەو کەسانەی کە گۆیا شارەزای مەسائیلی کوردستانە ئەم ئەرکەی لە سەر شانە کە لەم قۆناغەدا نەك وەك فەرماندار ئەم جارەیان وەك کۆمەڵناسێکی شوینیست بێتەوە مەیدانی ئەو شەڕەی کە نزیکەی سەد ساڵە بە کورد ئەفرۆشرێت.

***ـ بزووتنەوەی قەومی یان بزووتنەوەی نەتەوەیی؟***

یەکەم خاڵ کە سرنجی خوێنەر بۆ بەشی یەکەمی قسەکانی جەلایی پوور ڕادەکێشێ مەسەلەی <u>بزووتنەوەی نەتەوەییە</u> لە کوردستان کە جەنابی بە بزووتنەوەی قەومی ناوی لێ دەبا و بەوەشەوە ناوەستێ و دەڵێ: شتێك بە نێوی بزووتنەوەی قەومیی کورد لە ئێران تەنیا لە دوو قۆناغی ١٣٢٠ـ ١٣٢٥ و هەروەها دوو سێ ساڵی پاش شۆڕشی ٥٧ بوونی هەبووە و ئێستاکە لەگەڵ <u>بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی</u> لە کوردستان بەرەوڕوو نین، بەڵکوو لەگەڵ درێژەی هەمان ڕەوتی قەومی بەرەوڕووین. لێرەدا جێی خۆیەتی ئەگەر چی بە کورتیش بێت قسەیەك لە سەر هەڵە بوونی ئەم جۆرە بۆچوونانەی ئاغای جەلایی پوور بکرێت چ لە بابەت جیاوازی نێوان نەتەوە و قەومدا و چ لە بابەت دیاریکردنی تەنیا دوو قۆناغ بۆ بزووتنەوەی نەتەوەیی واتە ١٣٢٠ـ ١٣٢٥ و دوو سێ ساڵی پاش ڕاپەڕین.

١. نەتەوە ڕاستەوخۆ لە وشەی (nation) ی لاتینییەوە وەرگیراوە کە چەمکێکی مۆدێرنە و ئەساسەن سەر بە دنیای ڕۆژئاوایە، واتە نەتەوە داهێنراوێکی نوێی سەردەمی سەرمایەدارییە و بە شوێن شۆڕشی پیشەسازیدا هاتە ئاراوە. سەرەڕای ئەوەی ئەستەمە بکرێت چەمکێکی تایبەت بۆ نەتەوە دیاری بکرێت، بەڵام زۆربەی بیرمەندانی ناسیۆنالیزم (nationalism) لە سەر ئەو تاریفەی کە لە خوارەوە دێت ساغ بوونەتەوە.

نەتەوە بریتییە لە: ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە خاوەنی چوار فاکتەری مێژوو، فەرهەنگ، سەرزەمین و زمانی هاوبەش بن. لە حاڵێکدا قەوم لە وشەی (ethnocity) وە وەرگیراوە کە چەمکێکی ئۆرگانیك و کۆنە و زیاتر بۆ کۆمەڵێك مرۆڤی کۆچبەر کەڵکی لێ وەرگیراوە، یاخود ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کەخەسڵەتە هاوبەشەکانی وەك سەرزەمین، فەرهەنگ، مێژوو و زمان کە نەتەوەیەك پێك دێنن لە قەومدا بەدی ناکرێ، بەڵکوو زیاتر خزمایەتی و پەیوەندی خوێنی، ئەم کۆمەڵە مرۆڤە پێکەوە گرێ ئەدا.

به پێی ئەم تاریفانەی کە لە سەرەوە باسمان لێ کرد کورد سەرەڕای نەبوونی دەوڵەتیش، بەڵام هەموو خەسڵەتەکانی بە نەتەوە بوونی تێدایە. واتە ئەو کۆمەڵە مرۆڤەی کە وەك کورد ناویان لێ دەبرێ خاوەنی سەرزەمین (کوردستان)، زمان (کوردی)، فەرهەنگ و، مێژووی هاوبەشی خۆیانن کە ئەوان لە خەڵکی دیکە جیا دەکاتەوە.

لە راستیدا ئەم بۆچوونەی جەلایی پوور لە درێژەی هەمان سیاسەتی شوینیستی دایە کە رەزاشا بناغەکەی لە ئێران دامەزراند و پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیش ئەم بۆچوونە کە لە سەر ئەساسی هەمان شوینیزمی فارس داڕێژرابوو و پێداگری لە سەر دوو بنەمای سەرەکی شیعەگەری و زمانی فارسی دەکرد، هەر وەك خۆی مایەوە. ئەم دوو خەسڵەتە کە لە راستیدا شوناسی نەتەوەی حاکم(فارس) بووە لە قۆناغی جۆراوجۆردا هەوڵ درا بە زۆری زەبرو زەنگ بکرێتە شوناسی باقی نەتەوەکانی دیکە لە نێوخۆی ئێران دا، کە بەرخۆدانی گەلانی ئێران و بە تایبەت کورد لە بوارەکانی سیاسی، فەرهەنگی، ئەدەبی و ...هتاد، پێشی بەم بۆچوونە شوینیستییەی دەسەڵاتدارانی ئێران گرت.

هەروەك لە سەرەوە باسم کرد چەمکی نەتەوە پێناسەگەلی تایبەت بە خۆی هەیە کە کوردیش یەکێك لەو نەتەوانەیە هەموو ئەم پێناسانە ئامادەن بۆ بە نەتەوە بوونی. هەرچەن کورد یەکێك لەو نەتەوانەیە بە هۆی هەل ومەرجی ناوەکی و دەرەکییەوە لە مافی پێك هێنانی دەوڵەت بێبەش بووە و تا هەنووکە نەیتوانیوە بەم ئاواتە بگات، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەم گرفتانەش هیچ کام لە بنەما سەرەکییەکانی خۆی لە دەست نەداوە و بە پێچەوانە هەوڵی جیددیشی داوە بۆ بە هێز کردنی هەرکامەیان. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کورد نەتەوەیە و بزاڤەکەشی، بزاڤێکی نەتەوەییە نەك قەومی. یان رەنگە بە رەسمی نەناسینی کورد وەك نەتەوەیەك لە لایەن شوینیزمی فارسەوە و بە قەوم ناو لێ بردنی بگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونە هێگڵییەی کە پێی وایە ئەو نەتەوانەی کە نەیانتوانیوە

.. ببنە خاوەنی دەوڵەت یا خود دەوڵەتەکەیان پێشتر لە ناو چووە نەتەوەیەکی غەیرە مێژوویین و مەحکووم بە لەناو ناو چوونن. کە ئەم بۆچوونە پاش ماوەیەك پێچەوانەکەی هاتە دی.

٢ـ کەم بایەخ کردن و لەت کردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی رزگاریخوازانەیە لە کوردستان کە جەلایی پوور و خەڵکانی دیکەش بە پەلە قاژێ هەوڵ بۆ توانەوەی ئەدەن و بە چەواشەکردنی مێژوو بەرتەسکی دەکەنەوە بۆ تەنیا دوو قۆناغی کەم ماوە (١٣٢٠ــ١٣٢٥) و هەروەها دوو سێ ساڵی پاش هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی. کوردستان بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی و هەل و مەرجێکی تایبەتییەوە بە درێژایی مێژوو جێی تەماعی دەوڵەتانی زل هێز چ لە ئاستی نێونەتەوەییدا و چ لە ئاستی ناوچەییدا بووە و لە هەموو لایەکەوە بۆ خۆ بە خاوەن کردنی هەر کارێك کراوە و لە هیچ پیلانێك دەست نەپارێزراوە. لە لایەکەوە بەرژەوەند خوازی سیاسی و ئابووری دەوڵەتانی زل هێز لە چەشنی بریتانیا و لە لایەکەی دیکەشەوە دەوڵەتانی ناوچەیی بە هەمان شێوە بە مەبەستی دەست بە سەرا گرتن و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی کوردستان و فراوان کردنی جوگرافیای وڵاتەکەیان، هیچ کات مەجالی پێك هێنانی دەوڵەتی نەتەوەییان بە کورد نەداوە.

سەرئەنجام پاش دابەش کردنی کوردستان لە نێوان سەفەوییەکان و عوسمانییەکان دا کوردستان بە تەواوی کەوتە ژێر چەپۆکەوە و ئەم ستەمە نەتەوەییە تا ئێستاش درێژەی هەیە. ئینکار کردنی شوناسی نەتەوەیی کورد لە لایەن شووینیزمی نەتەوەی زاڵەوە(فارس)، موقاومەتێك لە لایەن نەتەوەی کوردەوە بەرامبەر بەم ئینکار کردنە چێ بووە، کە لە شێوەی بزاڤێکی رزگاریخوازانەی نەتەوەییدا بەرجەستە بووە. بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان هیچکات بزاڤێکی نەتەوەیی هێرشکەر و توندڕەو (ناسیۆنالیزمی داگیرکەر) نەبووە، بەڵکوو بزاڤێکی رزگاریخوازانەی نەتەوەیی (ناسیۆنالیزمی داگیرکراو) بووە کە رزگار بوون لە چنگ چەوسانەوەی نەتەوەیی و چێ کردنی دەسەڵات بە سەر سەرزەمینی خۆیدا مەبەستە سەرەکییەکەی بووە. واتە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستان بەرهەمی راستەوخۆی داگیرکەری و زوڵم و ستەمی داگیرکەرانی کوردستان بووە.

ئەم بزووتنەوەیە هەموو کاتێك پەرچەکردار و کاردانەوەی ئەو شووینیزمە باڵادەستە بووە کە بەردەوام لە حاڵی هێرش و پەلاماردانی کوردستاندابووە.

لە نێوان دوو شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا وشیارییەکی نەتەوەیی لە کوردستان بە رادەیەکی بەرچاو سەری هەڵدا و هەر چەن ئەم وشیارییە نەتەوەییە بە شێوەیەکی سوونەتی بوو و لە سەرەتادا فیئۆدال و سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتییە ئایینییەکانی کورد خاوەنی ئەم بیرە نەتەوەییە بوون، بەڵام بە تێپەڕ بوونی زەمان و پێك هاتنی حیزبی هیوا و خۆیی بوون لە باشور و باکوری کوردستان و کۆمەڵەی ژ.ك لە کوردستانی رۆژهەڵات، بزاڤێکی رزگاری خوازی نەتەوەیی لە کوردستان بیچمی گرت و بووە خاوەن رێبەرایەتی سیاسی لە کوردستانی رۆژهەڵات و سەرئەنجام دامەزرانی کۆماری مهابادی لێکەوتەوە.



لەم قۆناغەدا کە بزاوتی رزگاری خوازی کورد چوبووە نێو قۆناغێك لە خەباتی مۆدێرنەوە و ببوە خاوەنی حیزبێکی سیاسی، هەر بۆیە هەموو تاکێکی کورد بە مانای واقیعییەکەی هەستیان بە وشیارییەکی نەتەوەیی دەکرد کە ئەم حاڵەتە جیاواز بوو لەو مەیلەی کە پێشتر بۆ ئێل و عەشیرەتەکەیان بوویان. ئەمجارە و لەم قۆناغەدا کورد مەیلی بۆ پێکهاتەیەکی نوێ بە نێوی نەتەوە تێدا دروست ببوو، کە ئەم وشیارییە نەتەوەییە رۆژ لەگەڵ رۆژ زیادی دەکرد و بەم شێوەیە هەنگاوێکی بەرینترو فراوانتر بۆ پێك هێنانی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی هەڵدەگیرا.

مەبەستم ئەوەیە بڵێم لەم قۆناغەدا بە شێوەیەکی ئاشکرا خواستەکانی گەلی کورد بیچمی گرت و بزاڤی رزگاریخوازی کوردی کەوتە سەر ریتمێك کە پاش رووخانی کۆماری مهابادیش، ئەگەر چی سەرکوت و زەبرو

زەنگی حکومەتی محەممەد ڕەزاشا مەودای سەرهەڵێنانی بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسی نەدەدا، بەڵام پاشە کشەیەك لەم خواستە بەرحەقانە لە لایەن خەڵکەوە نەهاتە ئاراوە. تەنانەت زۆر جار سەرەڕای ئەم سەرکوت و خەفەقانەش لە زۆر شوێنی کوردستان شۆڕش گەلێك بە دژی ڕژیمی پاشایەتی دەبیندرا، کە لێرەدا ئاماژە بۆ نموونەیەکی هەرە بەرچاوی پێویستە.

لە ساڵی ١٣٣٨ دا پاش پەلامارە یەك لە دوای یەکەکانی ڕژیمی پاشایەتی بۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان و گرتن و کوشتنی تێکۆشەرانی کورد، دەیان تێکۆشەری سیاسی خۆ دەگەیەننە کوردستانی باشوور (عێراق) کەئەو کات شۆڕشێکی چەکداری بە ڕێبەری بارزانی لە ئارادا بوو. ژمارەیەکی زۆریش هەر لە ناوخۆی ئێراندا گیران. یان ساڵی ١٣٤٦و ١٣٤٧ ژمارەیەك تێکۆشەری وەك کاك سمایلی شەریفزادە، مەلا ئاوارە، کاك سلێمان و کاك عەبدوللا موعینی و ... کومیتەی ئینقلابیی حیزبی دێمۆکراتیان ساز کرد و بەم شێوەیە دەگەڕێنەوە کوردستانی ڕۆژهەڵات. ئەم جوڵانەوەیە هەر چەن تەمەنێکی کەمی بردە سەر و زۆربەی ئەو تێکۆشەرانە شەهید دەبن، بەڵام نموونەی هەرە بەرجەستەی یەکێك لەو شۆڕشانەیە کە جێگایەکی تایبەتی لە بزاڤی ڕزگاری خوازانەی نەتەوەیی لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە. ئەم ڕێکخراوە لە ماوەی تەمەنی کەمی خۆیدا بۆڵتەنێکی حیزبییشی چاپ دەکرد بە نێوی خورشید( هەتاو) کە ڕوانگە و سیاسەتەکانی کومیتەی ئینقلابیی تێدا بڵاو دەکرایەوە . هەروەها پاش ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتیش گەلانی ئێران بە تەمای ڕزگار بوون لە چنگ ئەم ڕژیمە چالاکانە لە شۆڕشی ١٣٥٧ دا بەشدارییان کرد و هەر لە چەن ساڵ پێش هەرەسی دەسەڵاتی پاشایەتییەوە ئۆپۆزیسیۆنی کورد بە پیر و لاوەوە خۆیان تەیار کردبوو. شا بە خۆی و ڕژیمە گۆڕ بە گۆڕەکەیەوە بارگە و بنەی پێچایەوە و هەڵات، بەڵام ئاواتە لە مێژینەکانی خەڵکی کورد نەهاتنە دی و ڕژیمێکی دڕندەتر لە جاران خۆی خزاندە سەر تەختی دەسەڵات. دژایەتی لەگەڵ کورد نەتەنیا هیچ گۆڕانێکی بە سەر نەهات بەڵکوو لە زۆر بارەوە زیادیشی کرد. شوینیزمی فارسی ئەمجارەیان لە سەر دەستی کۆمەڵێك ئاخوند بووە سیاسەتی ڕەسمی دەوڵەتی تازە پێ گرتووی کۆماری ئیسلامی. تا دژایەتی و سەرکوت بەرامبەر بە خەڵکی کورد توندتر دەبوو، بزاڤی ڕزگاری خوازی لە کوردستانیش زیاتر قاییم دەبوو و بەرخۆدان و خۆڕاگری کوردانیش گەیشتە ئەو پەڕی خۆی و ئاکامی ئەم زبرو زەنگە بووە هۆی سەرهەڵدانی خەباتێکی چەکداری بۆ بەرگری لە بەرامبەر ئەم هێرشکارییانەدا. ئەم ڕەوتە نە تەنیا سێ ساڵ پاش ڕاپەڕینی ساڵی ١٣٥٧(ئاماژە بۆ قسەکانی جەلایی پوور)، بەڵکوو تا ئێستاش بەردەوامە. پاش شۆڕشی ٥٧ کۆماری ئیسلامی لە کام قۆناغدا زەبر و زەنگی بە کار نەهێناوە تاوەکوو بزووتنەوەی کوردستانیش لەو قۆناغەدا دامرکابێتەوە؟ جەلایی پوور پێی وایە تەنیاچەن ساڵی پاش شۆڕش کە حیزبە کوردییەکان (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکرات) لە ناوچە ئازاد کراوەکاندا بوون و هێزی پێشمەرگە حوزووری چالاکانەی هەبوو، دەبێ وەك بزووتنەوە ناوی لێ ببرێ. جەلایی پوور لە حاڵێکدا ئەم قسانە دەکا کە ئیعدامی دەیان کەسی تێکۆشەر لە چەشنی هەڵو و چیا و ساسان و ....هتاد لە سەر دەستی لەرزۆکی ئەو و دۆستانی، هێندەی بە سەرا تێنەپەڕیوە. بەڵێ ناشێ

جەلایی پوور ئاگای لە بەندیخانەکان نەبێ کە سەدان تێکۆشەری سیاسی کورد کە بەرهەمی ئەم بزاڤەن سزای توندیان تا رادەی ئیعدام بە سەرا سەپاوە. دڵنیام جەلایی پوور چ وەك فەرماندارێکی پاسدار و چ وەك کۆمەڵناسێکی دژە کورد نەورۆزی خوێناوی سنە، کوشتاری قاڕنێ و قەڵاتان، ئیعدامی ٥٩ نەفەر لە مهاباد(کە خۆی یەکێك لە بریاردەرانیەتی) و ئیعدام کردنی سیاسیانی کورد لە ساڵی ١٣٦٧ و سێ ڕەشەمەی ١٣٧٧ی سنە و دەیان تراژیدیای دیکەی کوردستان لە بەر چاوی دێن و دەچن.

کۆماری ئیسلامی لە دوای شۆڕشی ٥٧ وە و هاتنە سەرکاری تا ئێستا لە دڕەندەیی و بێ ماف کردنی کورداندا ئەوەی بۆی لوابێ بەرامبەر بەم گەلە درێغی نەکردووە. کەوابوو بزاڤی رزگاری خوازانەی نەتەوەیی لە کوردستان هەموو کاتێك وەك کاردانەوەیەك لە بەرامبەر ئەم سەتەمگەریانە بوونی خۆی پاراستووە و بە دڵنیاییەوە هەر ئێستاش هەمان ئامادیی جارانی هەیە. ئەزموونە مێژووییەکان ئەوەیان نیشان داوە ئەگەرچی داگیرکەرانی کوردستان پەنایان بۆ هەر رێگایەك بردووە و لە هیچ کردەوەیەك بەرامبەر بە خەڵکی کورد سڵیان نەکردووە، بەڵام نەیانتوانیوە لە خواستە بەرحەقەکانی خەڵکی کورد کەم بکەنەوە. ئەم خواستانە لە قاڵبی بزاڤێکی بەهێزدا بەرێبەری کۆمەڵە، هەمیشە ئامادەن و رۆژ لەگەڵ رۆژ رێکخراوتر و بەهێزتر دەبێت تا گەیشتن بە سەرکەوتنی یەکجارەکی. هەموو ئەم راستیانە ئەوە دەسەلمێنن کە بزاڤی رزگاریخوازی بە پێی هەلومەرجی سیاسی لە هەڵچون و داچووندا بووە و هەرکات دەسەڵاتی ناوەند کز بووبێ، بزووتنەوەی کوردی پەرەی گرتووە و داخوازیە نەتەوەیەکانی هێناوەتە گۆڕێ و هەر ئەوە دەیسەلمێنێ کە ئەم بزووتنەوەیە لە مێژوو و لە قوڵایی کۆمەڵگادا رەگی داکوتاوە. جیا لەوە، ئایا ئەوکات بە هۆی هێرشی دڕندانەی ئیسرائیل هێزی چەکداری فەلەستینی هەر نەیان توانی لە ناوچەکەدا بمێنن، دەکرا بڵێین بزووتنەوەی رزگاریخوازی فەلەستین تەواو بووە و نەماوە؟ بێگومان نا.

بەڵام جەلایی پوور کە هەر بە عەقڵی پاسدارییەوە بۆتە کۆمەڵناس لای وایە کە سەرکوتی بزووتنەوەیەك لە قۆناغێکی دیاریکراودا یان شکست پێهێنانێکی نیزامی بە مانای ریشەکێش کردنی بزاڤەکەیە. لێرەدایە کە عەقڵی پاسداریی قوڵە دیکتاتۆرێك ناتوانێ لە لیباسی کۆمەڵناسیشدا خۆی وەشارێ.

***ــ جەلایی پوور لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا دەڵێ: (بزاڤی ناسیۆنالیستی و بە تایبەت بزاڤی ناسیۆنالیزمی قەومی لە کوردستان یارمەتی بە رەوتی دێمۆکراسی خوازی لە ئێران نەکردووە، بەڵکوو بە پێچەوانەوە یارمەتی بە تەك رەوی و ئیستبداد کردووە و خواست و دروشمی بزاڤی قەومی لە رابوردوودا دروشمی خودموختاری بووە کە ئەم جوڵانەوەیە یارمەتی بە بەهێز کردنی هەرچی زیاتری دەسەڵات لە ناوەند کردووە.)***

بە پێی ئەم بۆچوونەی جەلایی پوور دەبێ شۆڕشی مەشرووتە کە کۆمەڵێك دروشم وچەمکی نوێی لە چەشنی دێمۆکراسی، پارلمان،حکومەتی یاساو...هتاد لە ئێراندا هێنا ئاراوە، کە ئاکامەکەی بووە هۆی ئەوەی حکومەتی پاشایەتی بە زەبرو زەنگ و سەرکوت لە بەرامبەریدا رابوەستێ. ئەگەر وابێ، بەم پێیە شۆڕشی مەشرووتەش یارەمەتی بە ئیستبداد کردووە چوونکوو روانگە و دروشمەکانی شۆڕشی مەشرووتە

بووە هۆی پێك هاتنی ئەم سەركوت و ئیستبدادە. هەر بۆیە ئەم بۆچوونە بە تەواوی هەڵەیە و دەیهەوێ دێمۆكراسی وەك كێشەیەك تەنیا پەیوەند بدا بە بزاڤی رزگاری خوازی كوردستانەوە كە لە راستیدا شتێك نییە غەیری ئەوەی سەرپۆشێك بدا بە سەر رواڵەتی دژی دێمۆكرات بوونی كۆماری ئیسلامیدا.

لە راستیدا بزاڤی رزگاری خوازی لە كوردستان چ ئەو كاتەی دروشمی خودموختاری هەڵگرتبوو و چ هەنووكە كە فێدرالیزمە، نەك رێگر نەبوون لە بەردەم دێمۆكراسیدا، بەڵكوو هەر كامە لەم دروشمانە هەر كام لە قۆناغی خۆیدا هەنگاوێك بوون بەرەو بەدی هێنانی دێمۆكراسی. چوونكە هەموو كەس دەزانێ ئەم دروشم گەلە بۆ بەدی هێنانی خواست و ماڤی كۆمەڵێكی ئینسانی بوون كە ئەم مافانەش خۆی لە خۆیدا خواستێكی دێمۆكراتیكن. كە وابوو نادێمۆكراتیك بوونی كۆماری ئیسلامی و گوێ نەدانی بەم خواستانەی خەڵكی كورد هۆكاری سەرەكی دیكتاتۆریی كۆماری ئیسلامی و نەبوونی دێمۆكراسی لە ئێرانە، نەك خەتای بزاڤی رزگاری خوازانەی نەتەوەیی لە كوردستان. وەك ئەوە وایە جینایەتكار بە قوربانیەكانی بڵێ، ئێوە نەبوایەن من جینایەتم نەدەكرد. مەنتقێكی سەیرە!! زۆر روونە دیكتاتۆری و ملهوڕی لە بەرامبەر خواستی ئازادیخوازی و دێمۆكراسیدا دێتە ئاراوە و هیچ تاوانێكیش ناكەوێتە ئەستۆی ئازادی و دێمۆكراسی.

نەبوونی دێمۆكراسی لە راستیدا پێوەندی بە تەواوی ئێرانەوە هەیە و ئەم كێشەیە دەگەڕێتەوە بۆ سرشت و ماهییەتی هەر حكومەتێكی تۆتالیتر لە چەشنی ئەو دەوڵەتانەی كە لە چوار لاوە تەپیان داوەتە سەر كوردستان و باوەڕیان بە ئەلف و بێی دێمۆكراسی نییە. لەو وڵاتانەدا كە مافە دێمۆكراتیكەكانی نەتەوە جۆراوجۆرەكان لە نێو خۆی وڵاتدا بە رەسمی ناناسرێ و یاسا لە سەر بنەمای پێوەندی سیاسی ـ كۆمەڵایەتی پێك نایەت، دەسەڵاتداران دەكەونە دژایەتی و خەبات بە دژی هەر چەشنە بزاڤێكی نەتەوەییەوە. لە راستیدا لە وڵاتێكی وەك ئێراندا دێمۆكراسی وەك لەمپەرێك لە بەرامبەر مانەوەی دەسەڵاتی سیاسی مافیای رۆحانییەتدا چاو لێ دەكرێ، بۆیە هیچ كات ئامادە نییە لە نێوان مانەوەی خۆی و دێمۆكراسی دا دووهەمینیان هەڵبژێرێ.






كاتێك كە جەلایی پوور باس لە بزاڤی رزگاری خوازانەی نەتەوەیی لە كوردستان دەكا و بە لەمپەرێك لە بەردەم گەشەی دێمۆكراسیدا دەیبینێ، پرسیارێك دێنێتە ئاراوە. ئەویش ئەوەیە ئایا دەسەڵاتێك كە لایەنگری دێمۆكراسی بێت، دەكرێ دژی هەر چەشنە مافێكی نەتەوەیی بێت؟ بێ شك وەڵام نایە. چوونكوو لە راستیدا دێمۆكراسی و ماڤی نەتەوەیی پشت و رووی میداڵێكن و ناكرێ باس لە دێمۆكراسی بكەیت بەڵام بڕوات بە ماڤی كۆمەڵێك مرۆڤ نەبێت.

له وەها دەسەڵاتێکی سیاسیدا تەنیا بەشێکی بۆیان هەیە باس لە خواستەکانیان بکەن و بەدی هاتنی ئەم خواستانەش یارمەتی بە دیمۆکراسی دەکات، بەڵام باس کردن لە هەمان خواست بۆ ئەوانی تر بڤەیە و دەبێتە ڕێگر لە بەردەم دیمۆکراسیدا!!!. هەبوونی شوینیزمی نەتەوەی بان دەست، خۆی یەکێك لەو هۆکارانەیە کە بۆتە بەربەست لە بەردەم دیمۆکراسی‌دا و بەرژەوەند خوازییەکی هەمە جۆر سەری کردووە بە گشت کون و قوژبنێکی کۆمەڵگای ئێراندا. بایەخ دان بە شوناسی تەنیا نەتەوەیەك وەك تاقانەیەکی پیرۆز لە لایەکەوە و هەوڵ دان بۆ شۆردنەوەی شوناسی نەتەوەکانی دیکە لە لایەکی دیکەوە، وەها دیکتاتۆرییەکی خوڵقاندووە کە نە بە جەلایی پوور و نە بە کەسی دیکەش ناشاردرێتەوە. ئەسقەزا وەژێر پێ نانی دیمۆکراسی لە لایەن دەسەڵاتی حاکمەوە پرچەکردارێکی دیمۆکراتیکی هێناوەتە ئاراوە کە ئۆپۆزیسیۆنی کوردی لە سەرو ئەم بزاڤەوە راوەستاون و هەموو کاتێك شێلگیرتر لە هەمووان لەم پێناوەدا تێکۆشاون. حیزبە کوردییەکان بە تایبەت کۆمەڵە لە شۆڕشی ١٣٥٧وە تائێستا چ ئەو کاتەی کە دروشمی خودموختاری هەڵگرتبوو و چ هەنووکە کە فێدرالیزمی بەرز کردوّتەوە، هەموو هەوڵێکی لە پێناو بەدی هێنانی دیمۆکراسیدا بووە نەتەنیا لە کوردستان، بەڵکوو لە تەواوی ئێرانیش.

***